# بەرهەمداری بەشە ئاخاوتنی ناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە

م. بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ
زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ/بەشی زمانی کوردی

## پێشەکی

ناو وەکو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ و سەرەکی، ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕۆنانی زماندا دەبینێ و بەشداریەکی چالاکی لە ئاخاوتن و ڕێزماندا هەیە . بەشە ئاخاوتنی ناو بەشدرای لە داڕشتن و دروستکردنی وشەی زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکانی تر دەکات و وشەی داڕێژراو لێکدراو ئاڵۆز دروست دەکات، هەر ئەم هۆکارەش وای کرد کە توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەم و ناونیشانی توێژینەوەکەشم ناو بنێم (بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی لە بەشە ئاخاوتنی ناودا). ئامانجیشمان، دەرخستنی هەندێ لایەنی شاراوەی مۆرفۆلۆجی بەشە ئاخاوتنی ناوە لە زمانی کوردیدا.

ناو لە هەموو ئاستەکانی زماندا، ڕەنگی داوەتەوە و شایانی ئەوەیە لەهەموو ئاستەکاندا لەناو بکۆڵدرێتەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین لە پاڵ لایەنی مۆرفۆلۆجییەوە باس لەلایەنی دەنگسازی ناویش بکەین. ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی کوردی ناوەڕاستدایە و کەرەسەی خاوی توێژینەوەکەش، داتای نووسین و ئاخاوتنی ڕۆژانی خەڵکە، بەڵام سروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێ لە هەندێ شوێندا، پەنا ببرێتە بەر زاری کرمانجی ژووروو و هەندێ داتای ئەم زارەش بەکار بهێنین.

ئەو ڕێبازەی کە لە شیکردنەوەی ئەم بابەتە دەستەبەرکراوە، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری)یە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، جگە لەو پێشەکییە کورتە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی بابەتەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەشدا پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، لەم سەرە بابەتانە دواوم: (پێناسەی ناو، ناو و بەشە ئاخاوتنەکانی تر، بە بەرهەمی لەزماندا، دەنگسازی ناو، ناو و ڕۆڵی لە دیاریکردنی فۆنیمەکاندا، کەرەسە نا کەرتیەکان و ناو، ناو و گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان).

لە بەشی دووەمیشدا، باسم لەم بابەتانە کردووە: (جۆرەکانی ناو، تایبەتمەندی ناو، ریزبوونی مۆرفیمە بەندەکان لە ناودا، بە بەرهەمی لە بەشە ئاخاوتنی ناودا).

## بەشی یەکەم/ هەندێ بابەتی پەیوەست بە بەشە ئاخاوتنی ناو:

**١ـ١: پێناسەی ناو: وەك ئاشکرایە، ناو پۆلێکی سەرەکی وشەی فەرهەنگ هەر زمانێکەو شوێنی گرنگ و بەرچاو لەزماندا داگیر دەکات، هەر بۆیە بە درێژایی مێژووی زمانەوانی ناو وەکو کەرەسەیەکی پێکهێنەری زمان سەیرکراوە، چونکە کەرەسەیەکی بە بەرهەم و فرە ئەرك و چالاکە، بەوەی کە ئەم کەرەسە زمانییە لە ئاستە جیا جیاکانی زماندا، ڕۆڵ و ئەرکی جیا جیا دەگێڕێت، پێناسەکردنیشی بە پێی ئاستەکانی زمان (مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیك) دەگۆڕێت و لەهەر ئاستێکدا تایبەتمەندی خۆی دەبێت، بۆیە دانانی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ناو، کە هەموو تایبەتمەندی و جۆرەکانی بگرێتەوە، کارێکی ئاسان نییە، هەرچەندە زمانەوانانی کوردو بیانی بە گەلێ شێوە پێناسەی ناویان کردووە و لەگەلێ سەرچاوە پێناسەکانیان خستۆتەڕوو، هەروەها لە هەندێك لێکۆڵینەوەشدا، هەڵسەنگاندنیش بۆ پێناسەکان کراوە، بەڵام پێناسەکان گشتگیر نین و تاڕادەیەك ناتەواوی بە پێناسەکانەوە دیارە، (بڕوانە: حیکمەت ڕەسوڵ ئەحمەد،٢٠١٠: ٣ـ ٣٠).**

ئێمە هەوڵدەدەین لە تێکڕای پێناسەکان، پێناسەیەکی تاڕادەیەك گونجاو و گشتگیر بۆ ناو دابڕێژین، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی: ناو: وشەیەکە بۆ ناونانی کەسێك، یان گیانداریك یان بێگیانێك یان ڕووەکێك یا بیرێك یا شتێك یا.. بەکاردێت و دەتوانێت مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (کۆ، ناسراوی، نەناسراوی، ڕەگەز)[1] وەربگرێت و ئەرکێکی سینتاکس (بکەر، نیهاد، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەکاری ناڕاستەوخۆ، تەواوکەر، دیارخەر) لەڕستەدا ببینێت.

**١-٢: بەشە ئاخاوتنی ناو و بەشە ئاخاوتنەکانی تر:**

وەك ئاشکرایە، بەشە ئاخاوتنی ناو بەشێکی سەرەکی ئاخاوتنی هەر زمانێکە و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی لە ئاخاوتن و ڕێزمانی هەر زمانێکدا هەیە، بۆیە زمانناسان لەناو چوارچێوەی زمانناسیەوە بە بایەخەوە باسیان لەناو کردووە و بەردەوامیش توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، بەشە ئاخاوتنی ناو، زۆر چالاك و بە بەرهەمە لە دروستکردنی بەشە ئاخاوتنەکانی تر، هەر لە دروستبوونی کۆمەڵێ سەرەتاییەوەش ناو یەکێك بووە لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ، خوای گەورەش هەموو زمانی بە ناو داناوە و توانای ئەوەی بە ئادەم بەخشیوە تاکو ناو لە شتەکانی سروشت بنێت یان خوای گەورە هەموو ناوەکان فێری ئادەم بکات، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَعَلَّمَ ءَادَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا...) (البقرە: ٣١) کەواتە سەرەتا زمان بەناو دەستی پێ کردووە، زمان تەنیا ناو بووە، ئێستاش ئەگەر ناو هەموو زمان نەبێت، ئەوا لە پاڵ پێکهاتەکانی تری زماندا، بەشێکی گەورە و گرنگی زمانە، زۆرجار زمان بریتی دەبێت لە ڕستەیەك ناوی جۆراوجۆر، ناوی کەس و شتەکان و سیفەتەکان، کە ئەوانیش هەر ناون. (ڕێژنە ئیسماعیل، ٢٠٠٨: ٢٣ ـ ٢٤).

ناو وەکو بەشە ئاخاوتنێکی گرنگ و سەرەکی زمان لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر چالاکتر و بە بەرهەمترە لە دروست کردن و داڕشتنی وشەی نوێدا و ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێ لە ڕۆنانی ڕستەو زماندا، ناو لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی پتر بە بەرهەمترە لە وەرگرتنی مۆرفیمی وشە دارێژو بەچەندین شێوە بەژداری لە داڕشتنی وشەی نوێ و بەشە ئاخاوتنی تردا، دەکات یان بە لێکدان و یەککگرتنی لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی تردا وشەی ناسادەی بەشە ئاخاوتنەکانی تر دروست دەکات، وەك: (ناوی ناسادە، ئاوەڵناوی ناسادە، ئاوەڵکاری ناسادە، کاری لێکدراو). (بڕوانە: ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧: ٣٣ ـ ١٧٧).

هەر بۆیە ناو وەکو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆو سەرەکی بوونی لە زماندا زۆر پێویستە و زمان بەبێ ناو وەك لاشەی بێگیان وایە، (محەمەد مەعروف فەتتاح)یش پێی وایە ئاوەڵناویش لەڕووی فۆرم و ئەرکەوە بە بەشی ناو دادەنرێت (محەمەد مەعروف فەتتاح، ٢٠١٠: ٣٢١).

(کریستاڵ)یش پێی وایە هەر وشەیەك بێتە سەرەی (**Head**) فرێزی ناوی، ئەوا بە ناو دادەنرێت. ( **Crystal,** ١٩٨٨: ٩٢) هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرەی کریستاڵەوە (بائیز عومەر ئەحمەد) وشەکانی وەك: (پار، ئەمڕۆ، سەر، بن، جوان، ڕەش، من، تۆ، نوستن، بەردان، کڕیار، دەستپێك، لەرزۆك، بکوژ، باکێش، فرۆشراو، مردوو،

یەکەمەکان،...) بەناو دادەنێت. (بائیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٥: ٥) بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە ناو نین، بەڵکو ڕۆڵی ناو دەبینن.

١ـ٣: بە بەرهەمی (Produclivity) لە زماندا: بە بەرهەمی توانای زمانە مرۆییەکانە بۆ بەکارهێنانی هۆکاری سنووردار لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو و بێسنوور لە دەربڕاو، بە بەرهەمی زیاتر ئەدگارێکی مۆرفۆلۆجیانەیە، بەڵام دەشێ بە بەرهەمی لە هەموو ئاستەکانی زماندا بەدیبکرێت و هەبێت. (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١١ـ١٤).

یەکەم: بە بەرهەمی فۆنۆلۆجی (Phonological Productivity):

دەتوانین لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دوو جۆر بەرهەمی جیا بکەینەوە:

١ـ فۆنیمەکانی هەر زمانێك لە بەشداریکردنیان لە ڕۆنانی مۆرفیم و وشەکانی زماندا بە بەرهەمن، چونکە لەهەر زمانێکدا بە ژمارەیەکی دیاریکراوەی فۆنیم، بێکۆتا مۆرفیم و وشە دروست دەبێت، هەروەکو چۆن لە بیرکاریدا بە ژمارەکانی (٠ ـ ٩) هەموو ژمارەیەك دروست دەبێت، ئاواش لەهەموو زمانێکدا بەهۆی چەند فۆنیمێکی دیاریکراوەوە زمان بە گشتی دروست دەبێت، چونکە فۆنیمەکان مۆرفیم دروست دەکەن و مۆرفیمەکان وشە دروست دەکەن و وشەکان فرێزو ڕستە دروست دەکەن، ڕستەش، ئاخاوتن و دەق و گوتار دروست دەکات، بەمانەش زمان دروست دەبێت.

٢ـ هەر لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا، بەهۆی کەرسە ناکەرتییەکانەوە (هێزو ئاوازەو تۆن و وەستان) قسەپێکەرانی زمانێك زانیاری زیاتر لەوەیان هەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، واتە کەرەسە ناکەرتییەکان هۆکارێکی دیکەی بە بەرهەمین لە زماندا.

دووەم: بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی (Morphological Productivity): بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی بەشێکە لە توانست و داهێنانی مرۆڤ و لە مێشکی مرۆڤدایە، منداڵ لە تەمەنێکی زووی گونجاودا توانای ئەوەی هەیە، دەربڕاوی وا بەرهەم بمێنێت، کە پێشتر بەهیچ جۆرێك نەیبیستوون، کە ئەمەش داهێنان و بە بەرهەمییە. بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی ئەوەیە کە لاگرێك یان بەشە ئاخاوتنێکی دیاریکراو، تا چەند گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لە داڕشتنی وشەی نوێدا، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، پێشگری (هەل) بەشداری لە داڕشتنی چەندین وشەی نوێدا دەکات و واتای جیا جیاش بە وشەکان دەبەخشێت، وەك:

هەڵکرد ←
- بە واتای دەست پێ کردن، وەك: بایەکە هەڵی کرد.
- بە واتای بەرزکردنەوە، وەك: ئاڵاکەیان هەڵکرد.
- بە واتای داگیرساندن، وەك: چراکەم پێ کرد.

هەڵبڕی ←
- بە واتای دوورخستنەوە، وەك: سەگەکەم هەڵبڕی.

به واتای کرتاندن و لەتکردن دێت، وەك: قوماشەکەم هەڵبڕی.

هەڵوەری ← به واتای جودابوونەوە، وەك: گەڵای دارەکە هەڵوەری

هەڵکوتان ← گەنجەکان هەڵیان کوتایە سەر دوژمن

هەڵڕشت ← به واتای بڵاوکردنەوە دێت، وەك: خۆڵەکەی هەڵڕشت

هەندێ جاریش (هەل) لەڕووی هێزەوە کار لە ڕەگی کردار دەکات و بیری تێپەڕاندن دینێتە ئاراوە، واتە هێزی ڕەگەکە وەردەچەرخێنێ لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، یان بە پێچەوانە، وەك:

کرد : تێپەڕە / هەڵکرد : تێنەپەڕە (صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ٦٧).

یان مۆرفیمی (ان) کە دەشێ مۆرفیمی داڕشتن بێت، وەك:/ ڕێز + ان ← ڕێزان / سەیر + ان ← سەیران

یان مۆڕفیمی ڕێزمانی و نیشانەی کۆ بێت، وەك کوڕان، قوتابیان،...

کۆی ناو لەزمانی کوردیدا (زاری ناوەڕاست) بەچەند مۆرفیمێك سپێردراوە، وەك: (ان، گەل، هات،...)، بەڵام مۆرفیمی (ان) زۆر بەفراوانی بەکاردێت و زۆر بە بەرهەمترە لە دروست کردنی ناوی کۆدا، بە بەراورد لەگەڵ مۆرفیمەکانی تری کۆ، (گەل) بە نموونە.

هەروەها دەشێ بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی لە بەشە ئاخاوتنێکی دیاری کراودا بێت، بۆ نموونە بەشە ئاخاوتنی ناو زۆر چالاکە لە دروستکردنی وشەی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا، وەك (ئاوەڵناوی داڕێژراو لێکدراو، ئاوەڵکاری داڕێژراو لێکدراو، کاری لێکدراو، یان بە گشتی ناو بە بەرهەمە لە دروست کردنی وشەی نوێدا، ئەگەر سەیری وشەیەکی وەك (سەر) بکەین، دەبینین چەندین وشەی لێ دروست دەبێت، وەك: (سەرە، سەروین، سەرین، سەرەکی، هاوسەر، سەروەر، سەرۆك، سەرانە، سەربەرز، سەرکەوت، سەرسپی، سەربەرزانە، سەردان، سەرەڕۆ، سەردار، سەرهەد،... هتد)، ئەو ئاوەڵکارانەی کە لە وشەی (سەر)ەوە دروست بوون، ئەوانیش لە بنجدا لە سەری مرۆڤ وەرگیراون، وەك: لەسەریاندا، لەسەر دارەکە،...

سێیەم: بە بەرهەمی سینتاکس (Syntactic Productivity): بریتییە لە توانای قسەپێکەرانی زمان بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لەو ڕستانەی کە پێشتر نەیگوتوون، یان نەیبیستوون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانستی زمانی قسە پێکەرانەوە، چونکە زانینی زمانێك، زانینی سەرجەم یاساکانی ئەو زمانەیە، مرۆڤ دەتوانێ ئەو وشانەی کە بەهۆی مۆرفیمەکانەوە دروستی دەکات بە ئارەزووی خۆی و بە پێی یاسای ڕێزمانی و واتایی زمانێکی دیاریکراو، بەکاری بهێنێت و بێسنوور ڕستەی لێدروست بکات و ئەو ڕستانەش بە پێی ئارەزوو و مەبەست فراوان بکات، لە ئاستی سینتاکسدا لە چەندین بواردا، لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی دەکرێت، یان بە بەرهەمی سینتاکسی چەند لایەنێك یان چەند بارێك دەگرێتەوە، لەوانە: بە بەرهەمی بەشە ئاخاوتنێك یان فرێزێکی دیاریکراو لە پەیوەندی لەگەڵ فرێزەکانی تر، یان ڕۆڵی لە دروستکردنی ڕستەدا، بە بەرهەمی دۆخی ڕێزمانی لە زماندا، یان بە بەرهەمی ڕێژەی کار، یان بە بەرهەمی مۆرفۆسینتاکس... هتد.

چوارەم: بە بەرهەمی سیمانتیکی (Semantic Productivity): بە بەرهەمی سیمانتیکی یەکێکە لە سیماکانی پەیوەندییە واتاییەکان، کە خۆی لە پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونی و پەیوەندی هاوڕێیەتی دەبینێتەوە، ئەم پەیوەندییانەش دیاردە واتاییەکانی وەك: (هاو واتا، داپۆشین، بەش لەگشت، جیاوازی، دژ واتا، هاوڕێیەتی، هەڵبژاردن) دەگرێتەوە، هەروەها دیاردەی هاوبێژو فرە واتاش سیمایەکی تری بە بەرهەمی سیمانتیکیە، لەسەرێکی ترەوە ڕەنگدانەوەی هەموو جۆرەکانی واتا (واتای هۆشەکی، واتای لاوەکی، واتای ڕەنگدانەوە، واتای بابەتی،...) لە بەشە ئاخاوتنێکدا، بە بەرهەمی سیمانتیکیە، بۆ نموونە لە بەشە ئاخاوتنی ناودا هەموو جۆرەکانی واتاو هەموو دیاردە واتایەکان ڕەنگدەداتەوە.

هەروەها بەشێك لە بەرهەمی واتایی لەزماندا بەر (ئیدیەمەکان و پەندو مەتەڵ و قسەی نەستەق) دەکەوێت.

بوونی ئیدیەمەکان لە زماندا، خۆی لەخۆیدا، بە بەرهەمییە، هەروەها بوونی چەند ئیدیەمێك بۆ یەك واتای سیمانتیکی دیسانەوە بەرهەمییە لەناو خودی ئیدیەمەکاندا، دەکرێت تاکە وشەکانی ئیدیەمێك بۆ وشەی نوێ بگۆڕدرێت، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی واتای ئیدیەمی نوێتر، کە لە ئیدیەمە ڕەسنەکە و وشە نوێیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە (W.Gibbs, ١٩٩٤: ٢٨٣)، وەك: زمانی سوایە = زمانی کول بوو / لە پەل و پۆکەوت = لەدەست و قاچ کەوت / ناکەس بەچە = هەرچی و پەرچی / سەرکوتی کرد = سەرکوێری کرد (شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٩: ٥٨ ـ ٦٠).

١ـ٤: ناو و ئاستی دەنگسازی (دەنگسازی ناو):

١ـ٤ـ١: ناو و ڕۆڵی لە دیاریکردنی فۆنیمەکاندا: دەنگەکانی زمان، کە لە سنووری فۆنۆلۆجیدا، بە فۆنیم[٢] ناو دەبرێت، لەسەر بناغەی گۆڕینی واتای وشەکان جیادەکرێتەوە، باشترین پەیڕەوە بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێك، ئەوەیە کە فۆنیم بە نیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنێت لەناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا. (گالب حسین علی، ١٩٨٩: ٢٨).

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێك، ئەو جووتە وشانە وەردەگرین کە بە تەواوی وەك یەکن و تەنیا لە تاکە دەنگێك نەبێت جیاوازن، ئەم جیاوازی تاکە دەنگەش کار لە واتا دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، بە بەراوردکردنی ئەم جووتە وشانەش کە بە (جووتۆکە) ناسراوە، فۆنیمەکانی زمان دیاریدەکرێت، ئەگەر سەیری ئەم وشانەی خوارەوە بکەین، دەبینین هەریەکە لێیان جووتۆکەی ئەوی تریانە: (هەزار، هەنار، هەژار، هەوار، هەکار). (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٨: ٥)

هەموو بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە،...) بەشداری لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زماندا دەکەن، بەڵام بەشە ئاخاوتنی ناو پشکی شێری بەردەکەوێت و لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر زیاتر بەژداری لەجووتۆکەو سێتۆکەکاندا دەکات. (بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ١١ ـ ١٢) واتە ناو لەو مەیدانەشدا ڕۆڵی چالاك دەبینێت و زۆر بە بەرهەمە.

١ـ٤ـ٢: دەنگسازی و ناونان (هۆکارە فۆنۆلۆجییەکانی ناونان): دەنگەکانی زمان و لایەنی دەنگسازی لەزماندا، هەندێ جار دەبنە پاڵنەرێك بۆ هەڵبژاردنی (ناونانی) ناوی کەسەکان، جا ئەو پاڵنەرە بەهۆی ئاوازەوە بێت یا بە مەبەستی ئاسان دەربڕین بێت، کەمی و زۆری ژمارەی بڕگەکان ڕۆڵی بەرچاو لە ئاسان دەربڕین و ناونان دەبینن، یا بەهۆی گونجان و ڕێکەوتنی فۆنیمەکانی سەرەتاو کۆتایی ناوی خێزانێك بێت، یان گونجان و ڕێککەوتن بێت لەگەڵ ناوی دایك و باوك واتە بوونی یەك قافییە لەنێوان ناوی منداڵ و ناوی دایك و باوك دەکرێت هەڵبژاردنی ناوەکان بەهۆی پاڵنەرە دەنگسازییەکان لەدوو خاڵدا بخەینەڕوو:

١ـ بەهۆی دووبارەبوونەوەی دەنگەکان، وەك: (شەوبۆ، شەونم، شەهێن، شەکر، شەماڵ، شاباز،...)، (پەروین، سەروین، نەرمین، نەسرین، ...).

٢ـ لەسەر بناغەی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوی دایك یان باوك، وەك: (فێنك فەرهاد، هاژە هاوار، سەربەست سیروان،...)، (شوکر محەمەد سالح، ٢٠١١: ٢٣).

١ـ٤ـ٣: کەرەسە نا کەرتییەکان و بەشە ئاخاوتنی ناو:

فۆنیمەکانی زمان بەگشتی دابەش دەکرێن بۆ دوو جۆر:

١ـ فۆنیمە کەرتییەکان: ئەوانەن کە فۆرم و وێنەیان هەیە، کە ڤاول و کونسنانتەکان دەگرێتەوە.

٢ـ فۆنیمە نا کەرتییەکان: هێزو ئاوازە و تۆن و وەستان دەگرێتەوە. (شنۆ قادر محمد، ٢٠٠٨: ١٢).

کەرەسە ناکەرتییەکان ئەو دەنگانەن کە لە ڕەوتی ئاخاوتنی قسەی نەپچڕاودا دێتە ئاراوە، وەك: (هێز، ئاواز، تۆن، نێوان، ترپە، وەستان) (عەبدلوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ١١).

یەکەم: هێزو ئاوازە: ((هێز ـ stress وزەیەکی زیاترە (بەگوێرەی بەشەکانی تر) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە، یا دەستەواژە)) (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ٥٣).

دوو جۆر هێز هەیە، هێزی وشەو هێزی ڕستە.

هێزی وشە ئەو هێزەیە کە دەخرێتەسەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە و واتاو بەشە ئاخاوتن دەگۆڕێت، ناویش یەکێکە لەو وشانەی کە هێزی دەخرێتەسەر، بۆ نموونە ئەگەر لەوشەیەکی وەکو (برایەتی)دا، هێز بخرێتە سەر بڕگەی یەکەم (برا'یەتی) بە واتای (برای ئەو) دێت، بەڵام ئەگەر هێز بخرێتە سەر بڕگەی دواوەی وشەی برایەتی (برایەتی') ئەوا دەبێتە ناوێکی واتایی (عەبدلوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ١١٤).

هەرچی هێزی ڕستەیە، ئەوا پەیوەندی بە ئاوازەوە هەیە، چونکە هەردووکیان پەیوەستن بە ڕستەو گوتنەوە ئەمەش پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە و بۆیە باسی ناکەین.

هێز لە وشەی سادەدا، دەکەوێتەسەر دەنگە بزوێنەکەی کۆتایی وشەکە: وەك: با'، پێ'، شانۆ'...

هێز لە وشەی داڕێژراو لێکدراوی کۆمەڵەی ناویدا، بەهەمان شێوەی وشەی سادە، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی دوا بڕگەی وشەکە، وەك: پێشمەرگە'/ کوردایەتی'/ زێرەڤانی'/...

بەڵام ئەگەر لە وشەی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)دا، بڕگەی کۆتایی وشەکە بزرۆکەدار بێت و نزیکترین بڕگەی پێش کۆتایی بزوێنەدار بێت، ئەوا لەم بارەدا هێز دەچێتەسەر بڕگە فۆنۆلۆجییە بزوێندارەکە، وەك:

(جە'ژن/ جوانەمە'رگ/ ئا'گر/...) (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٥٩ ـ ٧٢).

لەسەرێکی ترەوە هێز، هاوپیت لەنێوان جووتە وشەیێکی هاونووس پەیدا دەکات، چونکە بەهۆی هێزەوە دەربڕین دەگۆڕدرێت، گۆڕانی دەربڕینیش واتا دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە وشەی (پاشان)دا، ئەگەر هێز لەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی (پاشا'ن) بێت، ئەوا بە واتای (ئێوە پاشان) دێت، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بێت (پا'شان)، ئەوا بە واتایی لەدوایی دێت. (فتاح مامە علی، ١٩٨٩: ١١).

دووەم / نێوان ـ Juncture[٣]: نێوان یەکێکە لە کەرەسە ناکەرتییەکان و لە گۆکردندا کەرەسەیەك لە کەرەسەیەکی تر، یان بڕگەیەك لە بڕگەیەکی تر دادەبڕێ و جیای دەکاتەوە، نێوان بەهۆی کورتە پشویەك یان وەستانێکی کورت دەبێت، ئەو کورتە بێدەنگیەش دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی سنوری کەرەسەکە یان بڕگەکە. (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٩: ٣٢) ئەم وەستانە کورتەش لەزۆر باراندا دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، وەك:

هەرمێ ← جۆرە میوەیەکە

هەر + مێ ← هەر تەنیا ڕەگەزی مێ

هەر + مێ ← هەر تۆمەیێ لەگەڵمان

١ـ٥: ناو و گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان: هەر لە کۆنەوە هەست بەوە کراوە، کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، ناویش وەکو دانەیەکی سەرەکی زمان بەردەوام لە گۆڕاندابووە، بەو پێیەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە زمانیش وەکو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر پابەندی پێشکەوتن و گۆڕانە.

فۆنیمەکانی ناوی گشتی چەسپاو ترن لە فۆنیمەکانی ناوی تایبەتی، هەر بۆیە گۆڕین و دەستکاری کردنی ناوی گشتی کارێکی ئاسا نییە، هەروەها لەسەرێکی ترەوە ناوی گشتی زیاتر پەیوەستە بە چەمکەوە، بە پێچەوانەوە ناوی تایبەتی ئەوە پەیوەندییە پتەوەی لەگەڵ چەمکدا نییە، هەروەها ناوی تایبەتی زۆر زیاتر لەناوی گشتی پشت بە هۆکارەکانی دەرەوەی زمان دەبەستێت و لەژێر کاریگەری یاسا کۆمەڵایەتی و مێژووییەکاندایە، هەربۆیە دەگونجێ لەڕووی دەنگسازیی و مۆرفۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی گۆڕانیان بەسەردابێت. (محمد فاروق عمر، ١٩٩٠: ١٦٥).

ناوی تایبەتی کەسەکان لەزمانی کوردیدا، یا بنجین و کوردین، یان وەرگیراون، ناوە وەرگیراوەکانیش یان لە ناوی گشتییەوە وەرگیراون یان لە زمانی بێگانە (بیانی) وەرگیراوە، ناوە وەرگیراوەکان زیاتر گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەو ناوانەی لەزمانی بیانییەوە وەردەگیرێت، تایبەتمەندی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی وەردەگرن، گۆڕانەکانی ناوی وەرگیراویش زیاتر لە دوو جۆردا خۆیان دەبینەوە:

١ـ گۆڕانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی لەجۆری بچووككردنەوە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

محەمەد > حەمە / ئەحمە > ئەحە / مەحمود > خولە / ئیسماعیل > سمە، ئیسە، سمایل، ...

ئەگەر ناوە وەرگیراوەكان گۆڕانیشیان بەسەردا نەیەت، ئەوا هەر بەرگێكی كوردیان بەبەردا دەكرێت، چونكە فۆنیمە بیانییەكان بە فۆنیمی كوردی دەگۆڕدێن، وەك:

احمد > ئەحمەد / محمد > محەمەد / سعید > سەعید /...

دەگونجێ گۆڕانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی لەناوی تایبەتی بەڕەسەن كوردیش ڕووبدات، وەك:

ڕێگر > ڕێگە / جوتیار > جوتە / شێرزاد > شێرۆ/...

٢ـ ئەو ناوانەی كە هی ئافرەتن و لە بنجدا عەرەبین، كە هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، پاش گۆڕانی فۆنەتیكی نیشانەی ڕەگەزی مێشیان پەڕێنراوە، وەك: صبریە ← سەبری / شكریە ← شوكری / خدیجە ← خەجیج، خەجە، خەجێ/. (سەرچاوەی پێشوو: ١٧١).

بەو پێیەی نەتەوەی كورد نەتەوەیەكی موسڵمانە و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و كەلتووری، ئایین بووە، بۆیە كاریگەری ئایین و زمانی عەرەبی لەسەر زمانەكەی زۆربووە، هەر بۆیەش لەنووسیندا، ئەلف و بێی عەرەبیان بەكارهێناوە، ئەمەش وای كردووە، كە بە دەنگ و فۆنیمەكانی عەرەبی كاریگەربێت.

هەروەها بەهۆی ژیانی ئابووری و هاموشۆی بازرگانی و پەیوەندی سیاسی و دراوسێتی و تەكنەلۆژی هاوچەرخ لە هەندێ ناوچەدا وشەو پیتی بێگانەی تێكەوتووە (فوئاد حەمە خورشید، ٢٠٠٨: ٨٧).

هەروەها هەر بەهۆی ئەو كەلتوورە ئاینی و ڕۆشنبیریەوە گەلێ دەنگی زمانی عەرەبی و وشەی عەرەبیمان وەرگرتووە و بەرگێكی كوردیمان بەبەردا كردوون لەگەڵ دەنگسازی كوردیمان گونجاندوون، كە ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی دیاردەی پەیدابوونی ئەلۆفۆن، وەك: (عاست: ئاست، عاقل: ئاقل، ئینسان: عیسان، غەم: خەم، نەعلەت: نەحلەت،...) (پەیمان حسن محمد، ٢٠١٠: ٢٧).

گۆڕان لەناوە گشتییەكانیش یان بەهۆی جیاوازی زارو شێوەزارەكان دەبێت، وەك: (جگەر > جەرگ، ددان > دان، شانە > شە، بەفر > بەرف/...

یان لەوكاتە گۆڕان لە ناوە گشتییەكاندا ڕوودەدات كە مۆرفیمی ڕێزمانیان دەچێتەسەر یان مۆرفیمی وشە داڕێژیان دەچێتەسەر یان لەو كاتەی وشەی لێكدراو دروست دەكەن، وەك: پەنجەرە + ەك > پەنجەرەیەك/ دەست + گا > دەزگا / ماست + ئاو > ماستاو / گا + ئاسن > گاسن / دێ + ات > دێهات /...

یان بەهۆی نزمی ڕادەی ڕۆشنبیری دەبێت، وەك: یۆنان > وێنان / جومعە > جوعمە /...

بە گشتی دەتوانین بڵێین، بەشە ئاخاوتنی ناو وەكو هەموو كەرەسەكانی تری زمان، دەشێ ئەم گۆڕانە دەنگسازیی و وشەسازیانەی خوارەوەی بەسەرردار بێت.

بەشی دووەم / مۆرفۆلۆجی ناو (بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی لە ئاودا)

٢ـ١: جۆرەكانی ناو: ناو لەگەڵ ڕووەوە بۆ جۆرەكانی دابەش دەكرێت، لەوانە:

٢ـ١ـ١: ناو لەڕووی واتاو ناوەڕۆكەوە:

یەكەم/ ناوی تایبەتی: بەو ناوە دەوترێت كە بەسەر گیاندارێك یا بێگیانێكی دیاریكراو دابڕابێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ٩٤). ناوی تایبەتی بۆ تاكە كەسێكە یا شوێنێكە یان ڕووبارێكە یا چیاییكە، وەك: كاروان، هەولێر، ئەزمەڕ، كورد، كوردستان، ئەلوەند، سیروان،...

دووەم / ناوی گشتی: بەو ناوانە دەوترێ كە بەسەر هەموو ئەو گیاندارو بێگیان و بیرۆكانەدا دابڕاوە كە خاوەن یەك ڕەگەز و یەك وەچە پۆلن (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ٩٦)، وەك: باوك، دەرگا، مامز، سەگ، ئاشتی، هێز، دروومان،...

سێیەم: ناوی كۆمەڵ: ئەو ناوانەن كە لە ڕوالەتدا تاكن و لەڕووی واتاوە كۆن، وەك: لەشكر، هۆز، گەل، سوپا،... (ڕەفیق شوانی، ٢٠١١: ٣٧).

٢ـ١ـ٢: ناو لەڕووی هەبوونەوە: ناو لەڕووی هەبوونەوە دوو جۆرە:

یەكەم: ناوی ماددی (بەرجەستە): ئەو ناوانەن كە بوونی ماددی و قەبارەیان هەیە و بەرهەست دەكەوت و بۆشاییەك پڕ دەكەنەوە، وەك: (گوڵ، دەرگا، دار، ئازاد،...).

دووەم: ناوی گوزارەیی (نابەرجەستە ـ واتایی): ئەو ناوانەن كە بوونی ماددی و قەبارەیان نییە و بەرهەست ناكەون و بۆشاییەك پڕ ناكەنەوە، ئەمانەش سێ جۆرەن:

١ـ ناوی واتایی بنجی: ئەو ناوانە دەگرێتەوە كە هەر خۆی لە بنجدا، ناوێكی واتایین، وەك: (خەم، هێز، بڕوا،...).

٢ـ ناوی واتایی دروستكراو: ئەو ناوانەن كە لە بنجدا واتایی نەبوون و بەڵكو بەهۆی پاشگری تایبەتەوە كراون بە ناوی واتایی، وەك: (پیاوەتی، جوانی، كردار، ڕزگاری،...).

٣ـ هەموو چاوگێك ناوی واتاییە، وەك: (هاتن، نوستن،...)

٢ـ١ـ٣: ناو لەڕووی ڕەگەزەوە: (لێژنە: ٢٠٠٤: ٣٧)

یەكەم/ ناوی ڕەسەنی نێر (تایبەت بە ڕەگەزی نێر):

١ـ ناوی كەسانی نێرینە (زیاتر لە زاراوەی خزمایەتی بەرچاو دەكەوێت)، وەك:باوك، خاڵ، مێرد، كوڕ، برازا،..

٢ـ ناوی تایبەتی كەسەكان، وەك: فەرهەنگ، قادر، هێمن،...

٣ـ ناوی گیانلەبەری نێر، وەك: كەلەشێر، بەران، تەگە،...

٤ـ ناوی پیشە، وەك: نانەوا، گاوان، قەساب،...

٥ـ لە كرمانجی ژووروودا، هەندێ ناوی بێگیانی بێ لایەن، كە هیچ نیشانەیەكی ڕەگەزیان نییە، كەچی بەر ناوی نێر دەكەون، وەك: (چەم، دڵ، دەست،..) (ك. ك. كوردۆییێف، ١٩٨٤: ٧١).

دووەم: ناوی ڕەسەنی مێ: ئەو ناوانەن كە لەبنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مێ دانراون، ئەمەش دەبێتە چەند بەشێك:

١ـ ناوی كەسانی مێینە (زیاتر لە زاراوەی خزمایەتی دەبینرێت)، وەك:

(دایك، خەسو، کچ، خوشك، دش،...

٢ـ ناوی تایبەتی کچ، وەك: (نەسرین، بەسێ، نازدار،...

٣ـ ناوی پیشە، وەك: (مامان، بەربووك،...

٤ـ ناوی گیانلەبەری مێ، وەك: (ماین، مریشك، مەڕ، چێڵ (مانگا)...

٥ـ لە کرمانجی ژووروودا، ئاماژە بە هەندێ کۆمەڵە و گروپی تر دەکرێت، کە وەك ڕەگەزی مێ هەژمار دەکرێت (ك. ك. کوردۆییێڤ، ١٩٨٤: ٧١) لەوانە:

ـ هەموو چاوگێك ناوی مێیەنە: (بردن، هاتن، نالّین،... ـ هەموو بەرزاییەك نێرە، هەرچی نزماییە مێیە.

ـ ناوی بیانی، وەك: (بانك، بەنزین، سۆشیالیزم،... ـ هەموو میوەکان مێن، تەنها (ترێ) نێرە.

ـ ناوی جوگرافی، وەك: (هەولێر، سەفین، کوردستان،... ـ تەڕایی مێیە، وشکایی نێرە.

ـ ناوی کات، وەك: (دووشەممە، کاتەکانی ڕۆژ،... ـ داری تەڕ مێیە، داری وشك نێرە.

ـ ناوی ئەستێرەکان مێیە.

سێیەم: ناوی دوولایەن: ئەو ناوانەن کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بەکاردێن، وەك: (مامۆستا، کاوڕ...)

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە هەندێ لەو ناوە دوولایەنانە بەهۆی هەندێ مۆرفیمی تایبەتەوە دەکرێت بەنێر یان مێ، وەك:

کەو ← ماکەو (مێ) / نێرەکەو (نێر)

سەگ ← دێڵە سەگ (مێ) / گۆڵە سەگ (نێر)

چوارەم: ناوی بێلایەن: ئەو ناوانەن کە ڕەگەزی نێرو مێیان تێدا نییە، وەك: (دار، بەرد، دەرگا، چیا،...) بەڵام لە کرمانجی ژووروو ناوی بێلایەن نییە.

٢ـ١ـ٤: ناو لەڕووی ناسینەوە: ئەمەش دووجۆرە:

یەکەم: ناوی ناسراو: ئەو ناوەیە کە ناسراو و ئاماژە بۆ کراوە و دیاریکراوە، لە دەوروبەری دیاریکراودا (شوکر محەمەد صالح، ٢٠١١: ١٠).

ناساندنی ناویش بەچەند ڕێگایەك دەبێت، لەوانە:

١ـ بەهۆی مۆرفیمی (ەکە)، و ئەلۆمۆرفەکانی، وەك: (کورەکە، ماسییەکە، کوڕەکان، پەنجەرەکە، خانۆکە،...).

٢ـ بەهۆی مۆرفیمی (ە) کە کورتکراوەی (ەکە)یەو تەنیا لە ڕستەدا دەبینرێت، وەك: کوڕە خوێندەوارە / ژنە ناچاربوو، بۆیە ڕۆیشت،...

٣ـ بەهۆی وشەی نیشانە، وەك: (ئەم کوڕە، ئەم کچانە،...

٤ـ بەهۆی دیارخەرەوە، وەك: (کوڕی ئازاد، کوڕی من، کوڕی ئەمە،...

٥ـ هەموو ناوێکی تایبەتی ناسراوە.

ناوی تایبەتی بە دەگمەن نەبێت، ئەگینا نیشانەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) وەرناگرێت، لە هەندێ باری تایبەتدا نیشانەکان دەردەکەون، وەك:

١ـ کاتێك قسەکەر بەگوێگر بڵێت: (ئەوە سیروان و نەوزاد بوون، هاتن بۆ ئێرە، دەتناسین)

گوێگر لە وەڵامدا دەڵێت:

(سیروانەکەیانم دەناسی، بەڵام نەوزادەکەیان ناناسم). (محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠٨: ٨).

٢ـ هەندێ جار ناوی تایبەتی شوێن یان ناوی تایبەتی بۆنە، مۆرفیمی نەناسراوی وەردەگرێت، بەڵام لەوکاتەدا، ناوە تایبەتییەکە وەك ناوێکی گشتی لێدێت و تایبەتمەندی ناوی گشتی وەردەگرێت، وەك:

ـ هەولێرێك کە تۆی تیا نەبێ بۆچییە؟ هەولێرییەك پەنابەرە.

ـ نەورۆزێك ئاگری تیا نەبێت، نەورۆز نییە، (لێژنە: ٢٠٠٥: ١٨).

٣ـ لە هەندێ باریشدا، نیشانەی کۆ و ناسراوی بەیەکەوە دەچنە سەر ناوی تایبەت، بەڵام لەم بارەشدا هەر ناوە تایبەتییەکە تایبەتمەندی ناوی گشتی وەردەگرێت، وەك: هەولێرییەکان بە لێبوردەیی بەناوبانگن

لە هەندێ باردا ناوی گشتی یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار، دەبنە ناوی تایبەت، وەك: چیا، جوان، هەینی،...

دووەم: ناوی نەناسراو: بەو ناوانە دەگوترێت کە ئاماژەیان بۆ نەکراوە و ڕاستەوخۆ ناگەڕێنەوە بۆ کەسێکی یا شتێکی دیاریکراو، وەك: (کوڕ، مامۆستا،...) ناوی گشتی بەهۆی مۆرفیمی (ەك) و ئەلۆفۆرمەکانی (یەك، ێك، ێ) دەکرێت بە نەناسراو، وەك: کوڕەك، کوڕێك، مامۆستایەك،...).

٢ـ١ـ٥: ناو لەڕووی ژمارەوە: ئەمەش دوو جۆرە:

یەکەم: ناوی تاك: ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسێك یا شتێك نیشان دەدات، وەك: (کوڕ، کوڕێك، کوڕەکە، یەك کوڕ، ئەم کوڕە، تاکە کەس،...).

دووەم: ناوی کۆ: ئەو ناوەیە کە زیاتر لە کەسێك یا شتێك نیشان دەدات وەك: قوتابیان، کوڕن،... هەندێ ناویش هەن بەشێوەی تاك و کۆ بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەشێوە تاکەکەشدا هەر کۆ دەگەیەنێت، وەك:

لە بازاڕ خەیار دەکڕم (لە بازاڕ خەیاران دەکڕم)

هەندێ ناویش هەیە ناژمێردرێن و کۆ ناکرێنەوە، وەك:

١ـ ئەو ناوانەی کە ناوی شتی نەژمێردراون بەهۆکاری وردی و زۆرییەوە، وەك: (گەنم، تۆك،...)

٢ـ ناوی تایبەت لە هەندێ باری تایبەت نەبێت کۆناکرێتەوە...

٣ـ ئەو ناوانەی بوونیان لەسروشتدا تاکە، کۆناکرێنەوە، وەك: (زەوی، خۆر، مانگ،...).

٤ـ ناوی نەخۆشییەکان، کۆناکرێنەوە، وەك: (گرانەتا،شەکرە،..) (بڕوانە:ڕۆکان عەبدوڵڵا محەمەد، ٢٠٠: ١٢ـ ١٣)

کۆکردنەوەی ناو بەچەند ڕێگەیەك دەبێت:

١ـ بەهۆی مۆرفیمی (ان)، وەك: (کوڕان، قوتابیان، قوتابییەکان،...)

٢ـ بەهۆی مۆرفیمەکانی (گەل، جات، وات، ەها، ڕان، هات، ڕەوە)، وەك: (کوڕگەڵ، میوەجات، سەوزەوات، ڕانەمەڕ، ڕەوە گورگ، دێهات،...).

٣ـ بەهۆی ژمارەی بنجی، وەك: (دوو کوڕ، پێنج پیاو،...).

٤ـ بەهۆی وشەی نیشانە، وەك: (ئەمانە، ئەم کوڕانە،...)

٥ـ ناوی کۆمەڵ، کە بەشێوە تاکن، بەڵام واتای کۆ دەگەیەنن، وەك: (لەشکر، سوپا، هێز،...).

٢ـ١ـ٦: ناو لەڕووی سینتاکسەوە:

ناو لەڕووی سینتاکسەوە دوو جۆرە: (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ٩٧).

١ـ ناوی لێکدراوی سینتاکسی: ئەو ناوانەن کە کەرتەکانی بەپێی دەستووری سینتاکسی زمانەکە ڕیزکراون، وەك: (مێرگەسور، دارەتوو، دۆتمام،...).

٢ـ ناوی لێکدراوی ناسینتاکس: ئەو ناوانەن کە کەرتەکانی بەپێی دەستووری سینتاکسی زمانەکە ڕیزنەکراون، وەك: (تەڕەپیاز، ڕەشەبا، بۆرە زەلام،...)

٢ـ١ـ٧: ناو لەڕووی ڕۆنانەوە (پێکهاتنەوە): ناو لەڕووی دروست بوونەوە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت:

یەکەم: ناوی سادە: ئەو ناوەیە کە لە وشەیەکی واتاداری بێ زیادە (یەك مۆرفیمی سەربەست) پێکهاتووە، وەك: (کوڕ، بەرد، خەم، دەست،...)

دووەم: ناوی داڕێژراو: ئەو ناوەیە کە لە وشەیەکی واتادارو[٤] پێشگرێك یا پاشگرێك یان هەردووکیان پێکهاتووە، وەك (دەستەك ، شەوگار،هاوکار،پێنوس، نەمر، نەخۆشخانە، نابینا...)

سێیەم: ناوی لێکدراو: ئەو ناوەیە کە بەلایەنی کەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێکدێت، یان لە ڕێگەی ڕەگی کردار یان قەدی کردار و وشەیەکی تر پێکدێت، وەك (داردەست، زەرداو، گەردەلوول، ناسنامە، ڕێگر، مامۆستا، لەرزوتا، هات و چۆ،...)

لە ناوی لێکدراویشدا، دەشێ یەك لە بناغەکان دەوری سەرەکی ببینێ و جێگەی هەموو ڕۆتانەکە بگرێتەوە، وەك:

ـ دارە بەن ← (دار) دیارخراوە و سەرەیە، جێگەی هەموو ڕۆنانەکەی گرتۆتەوە.

ـ دڵخۆش ← لەم نموونەیەدا (خۆش) دیارخەرەو (دڵ)یش دیارخراوە، بەڵام لێرەدا (خۆش) زاڵە بەسەر واتاکەیدا، (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٢٥).

دیاریکردنی سەرە لە وشەی لێکدراودا، هەر تەنیا بە تایبەتمەندی فۆرمەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە شیکردنەوەی سیمانتیکیشەوە پەیوەستە، ناوی لێکدراو هەیە سەرەی هەیە، وەك: گوڵەباخ، گوڵە بەڕۆژە، تەڕەپیاز، شاژن،... (نەرمین عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ٩٦).

ئەو سەرەیەش دەشێ بەشی یەکەمی وشەکە بێت، وەك: ژن برا (ژن) سەرەیە و (برا) دیارخەرە، یان دەشێ بەشی دووەمی وشەکە سەرەبێت و بەشەکەی تر دیارخەربێت، وەك:

مەلاژن، (ژن) سەرەیەو (مەلا) دیارخەرە (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٢١).

چوارەم/ ناوی ئاڵۆز: ئەو ناوانەن کە لەدوو وشەی سادە یان زیاتر و پێشگر و پاشگر پێکدێن، وەك: (دەستێوەردان، چاولێکردن،...)، (بائیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٥: ٦).

٢ـ١ـ٨: ناوی ئاسایی و ناوی بچووککراوە: زۆرجار ناوی گشتی یان ناوی تایبەتی لە قسەکردن و نووسیندا لەشێوەی ئاسایی خۆی نامێنێت و بچووك دەکرێتەوە، ئەمەش یان لەبەر نازو خۆشەویستییە یان بۆ شکاندنیان و کەمکردنەوەی نرخیانە. هەندێ جاریش ناوەکە خۆی ناوی بچووکە. کەواتە ناوی بچووککراوە وردی و بچووکی شتێك ڕادەگەیەنێت (لێژنە، ٢٠٠١: ٢٥)، وەك (کاریلە، ڕێچکە، شێرۆ، خولە،...).

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێك پاشگر هەن کە ناوی بچووککراوە دروست دەکەن، لەوانە (لە، یلە، لە، یلێ، کە، ۆڵە، ولە، ۆڵ، ەڵە، یلانە، ۆچە، چل، ۆکە، ۆك، یك، ەك، چە، یلکە، یچە،...)

(دەرزیلە، برالە، وردیلە، کاریلە، خنجیلانە، تۆپەلە، نازیلی، ئاسکۆڵ، کەمۆلە، لەتکە، پرتك، ڕێچکە، مالۆچە، پێچك،...) (ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧: ٥٥ ـ ٦٢).

لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتدا هیچ یاسایەکی دیاریکراومان نییە: (محمد ← عەمە، حەمە)، (صالح ← سالە)، (مجید ← مەجە) (جوتیار ← جوتە)، (ڕێگر ← ڕێگە).

٢ـ٩:١: ناوی بکەر و ناوی کراو: (لێژنە، ٢٠٠٢: ٢٢، ٣١، ٣٩).

ئەم دوو جۆرەی ناو لەچاووگەوە دروست دەکرێن:

ناوی بکەری: ئەو ناوەیە کە بەکارێك هەڵدەستێت و سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەتی بە هەڵگرەکەی دەبەخشێت، وەك: (نووسەر، بکوژ، قورئان خوێن، نانکەر، بینەر، خوێندکار، خوێندەوار، خۆڕاگر، نابینا، بکەر،...)

ناوی کراو: ئەو ناوەیە کە کردەوەیەکی بەسەر داهاتووە و ئەم کردەوەیە بۆی بۆتە سیفەتێکی هەمیشەیی، بکەری کردەوەکەش دیارنییە، وەك: (خوێنراو، نووسراو، کوشتە، سەرتاشراو،...)

٢ـ١ـ١٠: دابەشکردنی ناو بەگوێرەی کەس و شتەکان:

یەکەم: ناوی خواردن و خواردنەوە، وەك: (نیسکێنە، ساردەمەنی، ماستاو).

دووەم: ناوی خشڵ، وەك: (پاوانە، عاشقبەند، خەناوکە،...).

سێیەم: ناوی یاری، وەك: (قاشانێ، تۆپێن،...)

چوارەم: ناوی دیاردە و دەنگی سروشتی، وەك: (تەقە، گڤە، باڕە،..).

پێنجەم: ناوی کردە، وەك: (کوشتار، کردەوە،...).

شەشەم: ناوی ئامێر، وەك: (چاپەمەنی، گیرە، هەوجار، بەفرگر،...).

حەوتەم: ناوی باج، وەك: (سەرانە، مانگانە،...).

هەشتەم: ناوی گیانلەبەر، وەك: (پەلەوەر، گیانەوەر،...) (ڕۆژان، ٢٠٠٧: ٦٤ ـ ٦٩).

نۆیەم: ناوی چەك، وەك: (تفەنگ، تیر، شمشێر،...)

دەیەم: ناوی بەروبومی کشتوکاڵی، وەك: (سێو، سەوزە، گەنم،...).

یانزەم: ناوی ڕووداو، وەك: (وەستان، ڕۆیشتن، هاتن،...)

دوانزەم: ناوی شوێن، وەك: (چایخانە، هەولێر، کارگە،...).

سانزەم: ناوی گەردوونی، وەك: (ئەستێرە، ڕۆژ، مانگ،...).

چواردەم: ناوی ئاژەڵ، وەك: (ماسی، مریشك، ئەسپ،...).

پانزەم: ناوی خزمایەتی، وەك: (دایك، باوك، برا،...).

شانزەم: ناوی پیشە، وەك: (نووسەر، دارتاش، چایەچی،...).

حەڤدەم: ناوی کات، وەك: (پار، بەیانی، زستانە، شەو، پایزێ،...).

هەژدەم: ناوی چین و توێژ، وەك: (ڕۆشنبیر، هەژار، دەوڵەمەند، خوێندەوار،...).

نۆزدەم: ناوی ئاوەڵناوی، وەك: (جوان، زیرەك، ...).

٢-٢: تایبەتمەندییەکانی ناو:

یەکەم: ناو بۆ ناونان بەکاردێت

دووەم: لەناو فرێزی ناویدا ناو سەرەی فرێزەکەیە (David crystat, ٢٠٠٣: ٣٢٠)، بەڵام دەشێ بەشە ئاخاوتنی تریش ببنە سەرەی فرێزی ناوی و ڕۆڵ و ئەرکی ناو ببینن، وەك: (جوانەکە هات، نووسەرەکە خەڵات کرا، شەشی ئەیلوول ڕۆژێکی ڕەشە، دوێنێ هەینی بوو، یەکەمەکان خەڵات دەکرێن، ئەوهات،...).

سێیەم: ناو بۆ گەلێ جۆر دابەش دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناو لەزماندا یا گشتین یا تایبەتین (David crystal, ٢٠٠٣: ٢٢٠).

چوارەم: لە هەندێ باردا، ناو ڕۆڵی ئاوەڵناو دەبینێت، وەك: پیاوی ئاغا (هیدایەت عەبدوڵڵا، ٢٠٠٢: ١٩)، پیاوتر،...).

پێنجەم: ناو لە ڕستەدا، ئەرکەکانی (بکەر، نیهاد، دیارخەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەواوکەر، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینێت.

شەشەم: ناو زۆر بە بەرهەمە لە داڕشتنی وشەی نوێدا، یان بە لێکدانی لەگەڵ وشەی تردا، کە بەشە ئاخاوتنی جیا جیا دروست دەکات، وەك: (ئاوەڵناوی نسادە، ئاوەڵکار، کاری لێکدراو، چاووگی لێکدراو): (ورگن، پیاوانە، وێنەگر، چاوباز، شەوێ، بانگ کردن،...).

حەوتەم: ناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

١- ناو مۆرفیمەکانی (کۆ، تاك، ناسراوی، نەناسراوی) وەردەگرێت.

٢- ناو لە کوردی ناوەڕاستدا مۆرفیمی ڕەگەز وەرناگرێت، تەنیا لە بانگکردندا ڕەگەز وەردەگرێت، وەك:

ە ← بۆ نێر: کوڕە وەرە/ ێ ← بۆ مێ : کچێ وەرە، پورێ،... هتد (عەبدولواحید، ٢٠١١ - أ، ٤٨).

بەڵام لە کرمانجی ژووروودا، ناو مۆرفیمی ڕەگەزی نێرو مێ وەردەگرێت، لە دۆخی ڕاستەوخۆدا، (ێ) بۆ نێرو (ا) بۆ مێ وەردەگرێت، وەك: مەلایێ جزیری، کچا لەزگینی،... هتد، لە دۆخی ناڕاستەوخۆشدا، (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەردەگرێت، وەك: کارزانی نان خار، نەسرینێ گولەك چاند،... هتد، لە بانگکردنیشدا، (و) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ وەردەگرێت، وەك: کەچێ وەرە بخوێنە. / خوشکێ ناڤێ تە چییە؟ / کورد تۆ هشیاربن / (بائیز عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٦).

٣ـ ناو بە فۆنیمەکانی (ر، ڵ، وو، بزوێنەکان) دەست پێناکات.

٤ـ ناو لەهەندێ باردا، مۆرفیمی دۆخ وەردەگرێت، وەك:بەهار دەچین بۆ سەیران ⟵ بەهارێ دەچین بۆ سەیران

ـ منداڵەکە دوای نان خواردن هات ⟵ منداڵەکە دوای نان خواردنێ هات (ئازاد ئەحمە حسێن، ٢٠١٠: ٢٠٨).

یان لە هەندێ باری تردا، مۆرفیمی دۆخ دەردەکەوێت، وەك:

ـ من نان دەخۆم ⟵ من نانی دەخۆم

٥ـ ناو مۆرفیمی بچوککردنەوە وەردەگرێت، وەك: چاویلکە، براله، دەرزیلە، باخچە،...

٦ـ ناو لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر، زیاتر مۆرفیمی وشە دارێژ وەردەگرێت (سەیری (٢ـ١ـ٧) بکە.

٧ـ دەشێ ناو لەیەك کاتدا، مۆرفیمی ڕێزمانی مۆرفیمی وشە دارێژو جێناوی خاوەنێتی جێناوی بکەری وەربگرێت، وەك: باخچەکانتانم ئاودا.

٨ـ ئەگەر ناوێك بەجێناوی لکاو دیارخرا، ئەوا لە پاش جێناوە لکاوەکە هیچ دیارخەرێکی تر نایەت، بەڵام دەگونجێ لە پێش جێناوە لکاوە دیارخەرەکە کەرسەی تر ببێتە دیارخەری ناوەکە، وەك:

ـ دەستم شکا (دروستە)

ـ دەستم چەپ شکا* (نادروستە)

ـ مامۆستامان نەهاتووە (دروستە)

ـ مامۆستامان کوردی نەهاتووە* (نادروستە)

ـ مامۆستای کوردیمان نەهاتووە (دروستە)

٩ـ ناو ئەگەر بە وشەی نیشانە ناسراو کرا، ئەوا مۆرفیمی (ەکە) وەرناگرێت: (ژنەکە ⟵ ئەم ژنەکە)* نادروستە.

لە سەرێکی ترەوە، ناوەکانی (دەست، قاچ، چاو،...) ئەگەر بۆ پارچەی لەش بەکارمان هێنا، ئەوا مۆرفیمی ناسراوی وەرناگرێت، وەك: (دەستم شکا) گونجاوە، بەڵام (دەستەکەم شکا)* نادروستە.

واتە جێناوە خۆیەتییەکە یەکسەر لەدوای ناوەکە دێت، هەندێ ناوی تر بە پێچەوانەوە، تا ناسراو نەکرێن، جێناوی خۆیەتی وەرناگرێت، وەك: (ئەسپ ⟵ ئەسپەکە) گونجاوە، بەڵام (ئەسپم)* نادروستە: (ئەسپم دەفرۆشم)* (ئەسپەکەم دەفرۆشم).

ناویش هەیە بە هەردوو شێوە دەبینرێت، وەك: (ماڵم سوتاوە)، (ماڵەکەم سوتاوە) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٢٩ ـ ٣٠).

**١٠ـ هەموو ئەو ناوانەی بە مۆرفیمی (ات) و هاوشێوەکانی کۆ دەکرێنەوە و بە مۆرفیمی (ەکە) ناسراو دەکرێت، دەتوانرێت دووبارە بەهۆی مۆرفیمی کۆی (ان) کۆبکرێتەوە، وەک:**

**(ئاغەواتەکان، ماڵاتەکان، دێهاتەکان، سەوزەواتەکان، میوەجاتەکان، (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩: ١٥١).**

**٢ـ٣: ناو وەکو ڕەگ و بنج و قەد[٥]: لە هەموو زمانێکدا، داڕشتن و ڕۆنانی وشەی نوێ لە ڕێگەی وشەی فەرهەنگی و مۆرفیمی وشە دارێژەوە دەبێت، ئەم مۆرفیمە وشە دارێژانەش یان بە پێشەوەی (ڕەگ) یان بەدواوەی (ڕەگ) دەلکێن و وشەی نوێ دروست دەکەن، بەشە ئاخاوتنی ناویش وەکو ڕەگ و بنج لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر چالاکترە لە دروستکردنی وشەی نوێدا. ئەم دروستکردنەش یان بەهۆی مۆرفیمە وشە دارێژەکانەوە دەبێت و وشەی دارێژراو دروست دەکەن، یان بەهۆی لێکدان و کۆکردنەوە و وشەی لێکدراوی وەک: (ناوی لێکدراو، کاری لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، چاوگی لێکدراو، ئاوەڵکاری لێکدراو) دروست دەکەن، وەک: (هاوکار، ورگن، ماستاو، چاوباز، بانگ کردن، پۆل پۆل...).**

**٢ـ٤: ڕیزبوونی مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ ناودا:**

**مۆرفیمە ڕێزمانی و وشە دارێژەکانی، کاتێ بەناوەوە دەلکێن، شوێن و ڕیزبوونی تایبەت بەخۆیانەوە هەیە.**

**لەبەر ئەوەی زمانی کوردی ناو گرو پێشگر کەمتر لە پاشگر بەکاردێنێ، کاتێك ژمارەیەك پاشگر لە سنووری وشەدا بەدوای یەکتردا هاتن، ئەوە دەبێت ڕیز بکرێن و ئەم ڕیزکردنەش لەخۆوە نابێت زمانی کوردی ڕێگەی ئەوە دەدات مۆرفیمەکانی (وشە دارێژ، ناسراوی، کۆ، جێناوی خویەتی و بکەر) لەیەك وشەدا کۆببێتەوە و وشەیەکی ئاڵۆز پێکبهێنێ، بەڵام ئەم مۆرفیمانە هەریەکەو شوێنی دیاری کراوی خۆی هەیە (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٢٧).**

**وەك: باخچەکەمانیان فرۆشت.**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **چێشتخانەکانمانیان وێرانکردووە (چێشت** | **+ خانە +** | **ك +** | **ان +** | **مان +** | **یان)** | |
| | **ڕەگ** | **وشە دارێژ** | **ناسراوی** | **کۆ** | **دیارخەر** | **بکەر** |

**دەگونجێ لە هەندێ باریشدا، گوێزانەوە لەناو مۆرفیمەکاندا ڕوویدات، وەك:**

**قوتابیان (ڕەگ + مۆرفیمی کۆ)**

**قوتابیەکان (ڕەگ + مۆرفیمی ناسراو + مۆرفیمی کۆ).**

**لە هەندێ باری تردا، مۆرفیمی ناسراوی و کۆ دەچێتەسەر ئاوەڵناو، وەك: هەناره ترشەکان (لێرەدا نیشانەی کۆ و ناسراوی گوازراوەتەوە سەر ئاوەڵناوەکە، چونکە نیشانەی کۆ و ناسراوی سەر ئاوەڵناوەکە هی ئاوەڵناوەکە نییە، بەڵکوی هی ناوەکەیە).**

**پێشگرەکانیش هەردەم بە پێشەوەی ناو دەلکێن و ڕێگە بەمۆرفیمی بەندی تر نادەن بچێتە پێشیانەوە یا بچێتە دوایانەوە، وەك: ڕایەخەکان / پێخەف ← پێخەفەکە**

**٢ـ٥: ناو ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:**

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی تری جیهان بەگەشەو گۆڕاندا دەڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگە دەگرێتەبەر بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی، هۆکاری سەرەکی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیش بەهۆی بەشە ئاخاوتنی ناوەوەیە، ناویش بە چەندین ڕێگە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی دەکات، لەوانە:

یەکەم: وەرگرتن: وەرگرتن بریتییە لە گواستنەوەی بێژەی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی دووەم، واتە وشەی وەرگیراو وشەیەکە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت، هەروەها پێشی دەوترێ خواستراو (محمد علی الخولی، ١٩٨٢: ٣٤).

وەرگرتنیش بەدوو شێوە دەبێت:

١ـ بەبێ دەستکاری، وەك: (زەکات، حەج، غەفور،...)

٢ـ بە دەستکارییەوە، وەك: (تەمسیل، سەروەت، زاهیر، دۆڵمە، کتێب).

دووەم: داتاشین: داتاشین تێکەڵکردنی بەشێکی چەند وشەیەکی جیاوازە، جۆرێکە لە شێوەکانی لێکدانی وشە، قرتاندن و فرێدانی دەنگێك یا زیاتر، لە یەکێك لەو دوو وشە کە یان لە هەردوو وشەکە، ئینجا لێکدانیان بۆ سازکردنی وشەی نوێ (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٤٣)، وەك:

خورما + مێوژ ← خورمژ / ڕۆژنامە + گۆڤار ← ڕۆڤار / تام + ئارەزوو ← تامەزرۆ / زانین + کۆکردنەوە ← زانکۆ / مۆبایل + تیلیکۆم ← مۆبیتێل.

سێیەم: لێکدان: بریتییە لە لێکدانی دوو وشەی واتادار، کە هەندێ جار بەبێ یارمەتی مۆرفیمی بەستەرە، وەك: ڕەشماڵ، دارگوێز، کاسەسەر،... هتد، هەندێ جاریش بەیارمەتی مۆرفیمی بەستەر پێکدێت، وەك: بەردەنوێژ، مێرگەسور، هێکەوڕوون، ڕەشەبا،... (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٤٤).

چوارەم: داڕشتن: داڕشتن واتە بێژەیەك لە بێژەیەکی دیکەوە دابڕێژرێت، (محەمەد وەسمان، ٢٠٠٤: ٥١)، کردەی لکاندنی مۆرفیمە وشە داڕێژەکانە بە ڕەگ و بنجی وشەوە، وەك:

هاوکار، نەرمین، بنار، باخەوان، ڕایەخ،...

پێنجەم/ وەرگێڕان: گواستنەوەی زاراوەی بێگانەیە بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی، نەك بە بێژەکەی، وەك:

ئیستعلامات : پرسگە / کاتب عدل : دادنوس / دەورە : خول / تەبعکردن : چاپکردن / ...

شەشەم: گواستنەوەی واتایی (خواستنی واتایی):

بریتییە لە گواستنەوەی واتای وشەیەك بۆ واتایەتی تر یان لا بەکارهێنانی وشەیەکە بەمەبەستی گەیاندنی واتایەك بەدەر لە واتا بنەڕەتییەکەی) (محمد علی الخولی، ١٩٨٢: ١٦٨) (بەکر عومەر عەلی)یش، پێیوایە (وشەکان چەندان واتایان لەخۆیاندا حەشارداوە، بۆیە دەبێ بدرێنە بەر ڕووناکی و لەقوڵاییەوە بهێنرێنە سەرەوە). (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: ١٧) ئەم ڕێگەیە دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ بوژاندنەوەی وشەی دێرینی کوردی و نۆژەنکردنەوەی بە واتایەکی نزیك لە چەمکە دێرینەکەی خۆی (شادمان سالار، ٢٠٠٨: ٣٩)، وەك: ئاگربەست : شەڕوەستان / سیخوڕ : جاسوس

یان گواستنەوەی واتایی لە هەندێ ناودا بەدی دەکرێت، وەك:

ڕەگ: لە ڕەگی دارەوە بۆ (ڕەگی ڕانەبردوو لە ڕێزماندا)، (ڕەگی ددان لەلای پزیشك)، گواستراوەتەوە، یان وشەی (گەڵا) لە گەڵای درەختەوە بۆ گەڵا وەکو پارە بەکاردێت زۆرجار ئەم دیاردەیە بەداهێنان ناو دەبرێت.

حەوتەم: کورتکردنەوە: واتە کورتکردنەوەی وشە ئەمە بەچەند ڕێگایەك دەبێت:

١ـ پارچەکردن: بریتییە لە پارچەکردن و کورتکردنەوەی وشە، پرۆسەیەکە، کە پارچەیەك لە پێشەوەی یا دواوەی وشەکە وەردەگیرێت و لە جێگای فۆرمە گشتییەکە بەکاردێت، وەك:

ترافیك ← لە جێگای وشە (ترافیك لایت) بەکاردێت

ئۆمێگا ← لە جێگای وشەی (ئۆپل ئۆمێگا) بەکاردێت (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٤٩).

٢ـ ئەکرۆنیم (Acronyms): ئەو وشانەن، کە لە پیتی یەکەمی چەند وشەیەکی دیکەوە داڕێژراون (Haspelmath, ٢٠٠٢: ٢٦) یان بریتییە لە لێکدانی دەنگی یەکەمی یان بڕگەی یەکەمی چەند وشەیەك و خوێندنەوەیان بەیەکەوە، وەك: پارتی کرێکارانی کوردستا ← پەکەکە/ فەرماندەی لەشکری کوردستان ← فەلەك/conpact Disc ← CD (سیدی)...

٣ـ پەرتکردن (Clipping): بریتییە لە لابردنی بەشێك لە وشەیەك و کورتکردنەوەی بۆ تەنها بڕگەیەك، ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا بە بەرهەم نییەو زیاتر لەناوی تایبەتیدا پەیڕەو دەکرێت، وەك: (شادان > شادە / ئەحمەد > ئەحە / فاگمە > فاتە / ئیسماعیل سمە، سمۆ: (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٣٢).

هەشتەم: زاراوەی جیهانی: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی داهێنان و پێشکەوتنەوە هاتوونەتە کایەوە، سنووری زمانێ خۆیان دەبەزێنن و دەکەونە ناو زمانی ترەوە و بەهەمان واتاش بەکاردێت، وەك: (ئەمپێر، ئەلەکترۆن، مۆبایل، کەلتور، فاکتەر،... (عەبدولواحید موشیر درەیی: ٢٠١١ ـ پ: ٣١).

نۆیەم/ پەیوەندییە واتاییەکان: پەیوەندییە واتاییەکانی وەك (هاو واتا، هاو بێژی، فرە واتا) ڕۆڵی بەرچاو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دادەبینن:

هاوبێژ: فۆرمێکە دوو واتا یا زیاتری هەبێت: (Lyons: ١٩٦٩: ٧)، بەڵام واتاکان لەبنجەوە لەیەکتری دوورن، وەك:

ئاش ← شوێنی هاڕین / چێشت

کەتان ← جۆرە قوماشێکە / جۆرە گوڵێکە

فرەواتا: هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەك واتای جیاواز. (صباح رشید قادر، ٢٠٠٠: ١٠)، بەڵام واتاکانیان لەبنجەوە لەیەك نزیکن، وەك:

مانگ ← مانگی ئاسمان / مانگەکانی ساڵ

گران ← گرانی بار یان کەل و پەل / پیاوێکی گرانە / پرسیارێکی گرانە

هاوواتا: دوو وشە یان زیاتر یەك واتا ببەخشن و لەشوێنی یەکتر بەکاربێن (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٦٧)، وەك:

(خەیار ـ ئاروو)، (کچ ـ کیژ)،...

دەیەم: پرۆسەی هەڵگواستن (Derivarion): پرۆری هەڵگواستن کە بە هەڵگەڕانەوە و (conversion) و پەڕینەوە ناسراوە: بریتییە لە کردەی گۆڕینی وشەیەك بۆ وشەیەکی تر یان گۆڕینی بەشە ئاخاوتنێك بۆ بەشە ئاخاوتنێکی تر، بە واتایەکی تر هەڵگواستن لەکارکەوتنی بەشە ئاخاوتنێکە و بوونیەتی بە بەشە ئاخاوتنێکی تر، وەك:

١ـ هەڵگواستنی ناو بە ناو، وەك: ئاسن > ئاسنگەر / دان > دانساز / خوێندن > خوێندگا/...

٢ـ هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵناودا (لە ئاوەڵناو خستن): ئەوەیە کە ئاوەڵناو ئەرکی ناو ببینێ یان ببێتە ناو، وەك:

جوان هات / جوانەکان هاتن زەرد > زەردێنە / وشك > وشکایی

٣ـ هەڵگواستنی ناو لە کردار (لە کردار خستن): ئەوەیە کە کردار ببێتە ناو، وەك:

کوشت > کوشتار / کرد > کردەوە / خوێند > خوێندەوار / نووسین > نووسەر

٤ـ هەڵگواستنی ناو لە ئاوەڵکار (لە ئاوەڵکار خستن): ئەوەیە کە ئاوەڵکار ببێتە ناو، وەك: بن بنار / پێش > پێشەوا (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٣٤ ـ ٤٨).

٢ـ٧: مردنی وشەو بەشە ئاخاوتنی ناو: ئەو وشانەی کە نوێباون و بەهۆکاری گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی بەرهەم و کەلتور و زانستەوە دێنە ناو زمان شوێنی خۆیان لەناو زماندا دەکەنەوە، ئەو وشانەی کە پەکیان دەکەوێت و کۆن دەبن و بە کەمی بەکاردەهێنرێت لەزمان دوور دەکەونەوەو بەرەو سوان و مردن دەچن، لە فەرهەنگی زمانیشدا دوو جۆر وشە هەن:

١ـ وشەی چالاك: ئەوانەن کە لە ژیانی رۆژانە بەکاردەهێنرێت و هەردەم لەسەر زارن و لە نووسیندا بەکاردەهێنرێت.

٢ـ وشەی سست: ئەوانەن کە بەکارهێنانیان کەم دەبێتەوە و بەرەو سوان دەچن، وشەی سستیش ئەم جۆرە وشانە دەگرێتەوە:

١ـ ئەو وشانەی لەکار دەکەون و پەکیان دەکەوێ و کۆت دەبن و بەرەو سوان دەڕۆن، واتە وشەی مردە (الکلمات المیتە ـ ohsolete).

٢ـ وشەی نوێباو: ئەو وشانەن کە تازەن و هێشتا ڕەگیان دانەکوتاوە.

٣ـ ئەو وشانەی کە تاپۆن. (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٢٩ ـ ٣١).

کەواتە وشەی مردوو ئەو وشانەن کە لەکاردەکەون و بەکارهێنانیان نەماوە یان کەمە، لەنێو بەشە ئاخاوتنەکاندا، بەشە ئاخاوتنی ناو پشکی شێری بەردەکەوێت، چونکە (ناو) زیاتر لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر لە بەکارهێنان دەکەوێت و دەمرێت، بۆ نموونە دەیان ناو هەیە ئێستا بەکارنایەت یان هەر مردووە، وەك: (سوارە، جەنجەر، هەسان، دیزە، قاشوانێ، موورادخانی،...) هەندێ ناویش تەنها بەهۆی بابەتەکانی فۆلکلۆرەوە پارێزراون، ئەگینا دەمرن، بۆ نموونە وشەی (دەرخۆنە) بەهۆی پەندی (دیزە بەدەرخۆنەی کرد) پارێزراوە.

هەندێ وشەی تریش هەن بە تەواوی لە زمان چوونەتە دەرەوە بەهیچ جۆرێك لە زمانەکەماندا بەدی ناکرێت و تەنانەت لە ڕۆنانی وشەی لێکدراویشدا ئەسەریان نییە، وەك وشەی (نسرین)، (کەبرێن)، (سەبرێت)،... هتد، کە لە زمانی کوردی کۆندا هەبوون و ئەمڕۆ نەماون، تەنها لەو تێکستانە دەبینین کە زۆر کۆنن و نووسراون، (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٣٧) دەیان وشەش بەهۆی دیاردەی تاپۆوە بەکار نایەت و بەرەو لەناوچوون و مردن دەچن، ئەو وشە هاوبێژو فرە واتایانەی کە یەکێ لە واتاکانیان تابۆن و یا ورووژێنەرن کەم بەکاردێت، بۆ نموونە (کەر)ی پاشگر، کە سێبەری واتایی (کەر)ی (گوێدرێژە)ی وەرگرتووە، بەسەر واتا هۆشەکییەکەیدا زاڵە، بۆیە لە ئێستادا زۆر کەس بەکاری ناهێنێت و کردوویانە بە (کار) یان (زان) وەك:

یاری کەر ← یاری زان (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٥: ٧٥).

تا بوو لە وشانە زیاتر دەبینرێ کە واتای ڕەنگدانەوەیان هەیە، واتای ڕەنگدانەوە کاتێك دروست دەبێت کە وشەیەك جگە لەواتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی تر ببینێتەوە یاد کە تابۆ و قەدەغەکراوبن، وەك: (کون، دان، سواربوون، زێ،... هتد)، (ساکار ئەنوەر، ٢٠٠٩: ٣٣)، زۆر ناویش هەیە بەهۆی ترس و شەرم یان پیسی یان بەهەر هۆیەکی تربێ، چەندین ناوی تری لێنراوە، ئەمەش بە پێی سەردەم دەگۆڕێت، وەك:

دەرپێ کورت (دەرپێ قووتە) ← جلی ژێرەوە ← لباس.... (ڕێژنە مەعروف، ٢٠١٠: ٣٧).

٢ـ٨: بە بەرهەمی لە بەشە ئاخاوتنی ناودا: ناو وەکو مۆرفیمێکی سەربەست زۆر چالاك و بە بەرهەم لە داڕشتنی وشەی نوێدا، ئەم بەشداری کردنەشی، یان بەهۆی لاگرەکانەوە دەبێت یان بەهۆی مۆرفیمی سەربەستی ترەوە دەبێت، بە بەرهەمی بەشە ئاخاوتنی ناویش لەدوو ڕووەوەیە، یان لە دوو ئاست دایە، ئەوانیش بریتین لە:

١ـ لەڕووی فۆرمەوە: ناو بەشداری لە دروستکردنی وشەی داڕێژراو لێکدراودا دەکات، وەك: (ناوی داڕێژراو، ناوی لێکدراو، کرداری لێکدراو، ئاوەڵناوی داڕێژراو لێکدراو، ئاوەڵکاری داڕێژاوی لێکدراو).

٢ـ لەڕووی واتاوە: ئەوەیە کە ناو وەکو مۆرفیمی سەربەست، بەهۆی مۆرفیمی وشە دارێژ یان بەهۆی وشەی ترەوە بەشە ئاخاوتنی نوێ دروست دەکات، وەك: (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کاری لێکدراو): (ورگن، بەهێز، شەوانە، بە پیاوەتی، پیاوانە، نانکردن،...).

ناو لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر زیاتر پێشگر و پاشگر وەردەگرێت و وشەی نوێ دروست دەکات[٦]، هەروەها لە پرۆسەی وشە لێکدانیش (وشەی لێکدراو)دا زۆر چالاکەو بەچەندین ڕێگا وشەی لێکدراو دروست دەکات (بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٩٥ ـ ١٠٣)، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەیەکی وەکو (سەر) بکەین، دەبینین چەندین وشەی نوێی لێ دروست دەبێت، وەك: (سەرە، سەرۆك، سەروەر، سەرەکی، هاوسەر، سەرانە، سەرین، سەروین، سەربەرز، سەربەست، سەرکەوتوو، سەرپێ کەوتن، سەردان،...).

لەڕووی ڕستەسازیشەوە (بە بەرهەمی سینتاکسی)، ناو وەکو بەشە ئاخاوتنێکی چالاك هەموو ئەرکەکانی، وەك: (بکەر، بەرکار، دیارخەر، تەواوکەر، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینێت و هەروەها بەشداری لەڕۆنان و فراوانکردنی هەموو فرێزەکاندا دەکات لەڕووی واتاشەوە (بە بەرهەمی واتایی)، ناو لە ئاستی واتادا بەشدارییەکی چالاکی هەیە و هەموو جۆرەکانی واتا لە بەشە ئاخاوتنی ناودا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها لە پەیوەندییە واتاییەکانی وەك: (هاوبێژ، هاوواتا، فرە واتا،...) و پەیوەندییەکانی نێو دەقدا بەشدارە، هەروەها ناو وەکو نیشانەیەکی پراگماتیکیش ڕۆڵی چالاك لە پراگماتیکدا دەگێڕێ.

بەشە ئاخاوتنی ناو لەڕۆنانی ئیدیەم و پەندو مەتەڵیشدا ڕۆل و بەشدارییەکی چالاکی هەیە، زۆربەی ئیدیەمەکان لە ناو پێکهاتوون و ناو ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕۆنانی ئیدیەمدا هەیە، بگرە هەندێکیان ناو ئاسا ناودەبرێت، چونکە ئەرکی فرێزی ناوی دەبینن لە ڕستەدا، وەکو ئیدیەمەکانی (دەست و پەیوەند، ئاین و ئۆین، پەل و پۆ، بەیت و بالۆرە،... هتد) (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ١٨٧).

هیچ بەشە ئاخاوتنێك بەقەدەر ناو وشەی لێکدراوی ئیدیەمی لێ دروست ناکرێ، بۆ نموونە ناوێکی وەکو (دەست ـ دەس) نزیکەی سەد ئیدیەمی لێ دروست دەبێت، (بڕوانە: (ڕۆژان نوری عبداللە، ٢٠٠٧: ١٩٢)، (جەلال محمود علی، ٢٠١٠: ٩٦ ـ ١٠١).

ناو بەژدارییەکی چالاکی لە ڕۆنانی پەندو مەتەڵی کوردیشدا هەیە، بۆ نموونە هەر ناوی (دەست) بەژداری لە ڕۆنانی چەندین مەتەلی کوردی دا دەکات: بڕوانە (هۆشیار نوری لەك: ٢٠١١) (ناو نەك بەشداری ڕۆنانی مەتەڵ دەکات، بەڵکو وەڵامی هەموو مەتەڵێکیش (بەشە ئاخاوتنی ناوە) بەهەمان شێوە بەشە ئاخاوتنی ناو ڕۆڵێکی چالاك لە ڕۆنانی پەندی کوردیشدا دەگێرێت، (بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ: ٢٠٠٧).

بەشە ئاخاوتنی ناو لە پرۆسەی هەڵگواستن (پەڕینەوە)شدا، پشکی شێری بەردەکەوێت و لەهەموو بەشە ئاخاوتنەکانی ترەوە وشە لەکار دەکەوێت و دەبێت بە ناو. ((بڕوانە: خاڵی دەیەم لە (٢ـ٥)دا)).

له سەرێکی ترەوە بەشە ئاخاوتنی ناو هەموو زاراوەکانی خزمایەتی لە زمانی کوردیدا پێکدەهێنێت و هەموو زاراوەیەکی خزمایەتی سەر بە بەشە ئاخاوتنی ناوە، وەك: (باوەژن، ئامۆزا، پسمام، زڕ داك، پلك، خاڵ، مام، پوور، کوڕمەت، خاڵۆژن، برازا، خارزا، بوك، زاڤا،... هتد)، (بڕوانە سەلام ناوخۆش بەکر، ٢٠٠٤: ٧٥ ـ ٨٢).

## ئەنجامەکان

١ـ بەشە ئاخاوتنی ناو، لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر، بە بەرهەمترە، لە دروست کردنی وشەی داڕێژراو لێکدراودا.

٢ـ بەشە ئاخاوتنی ناو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕۆنانی ئیدیەم و پەندو مەتەڵی کوردیدا هەیە.

٣ـ هەموو مەتەڵێکی کوردی، وەڵامەکەی ناوێکە.

٤ـ هەموو وشەیەکی بانگراو ناوە، بەزۆریش ناوی تایبەتییە.

٥ـ زاراوەکانی خزمایەتی لەزمانی کوردیدا، هەر هەمووی لە بەشە ئاخاوتنی ناودایە.

٦ـ لە پرۆسەی هەڵگواستن (پەڕینەوە)دا، ناو پشکی شێری بەردەکەوێت و لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی ترەوە وشە لە بەشە ئاخاوتنەکەی خۆی دەکەوێت و دەبێت بەناو.

٧ـ زۆر (ناو) بەهۆی بابەتە فۆلکلۆرییەکانی، وەك: (پەند، مەتەڵ،...) پارێزراون و نەمردوون.

٨ـ ناو لە دیاردەی تاپۆدا، پشکی شێری بەردەکەوێت و زۆربەی وشە تاپۆکان لەبەشە ئاخاوتنی ناودایە.

٩ـ بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی، لە (ناو)دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەوێت و لە هەموو جۆرەکانی تری بە بەرهەمی زۆرترە، بە گشتی لە زماندا (بە بەرهەمی مۆرفۆلۆجی) لە هەموو جۆرەکانی تری بە بەرهەمی زیاترە.

١٠ـ ناو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر بە بەرهەمترە و بە چەندین ڕێگە بەشداری لە زیادکردنی وشەی زماندا دەکات.

١١ـ لە زمانی کوردیدا کەلتوورو ڕادەی ڕۆشنبیری ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی هەیە.

## پەراوێز

١. ڕەگەز لە هەموو زارێکی زمانی کوردیدا و لەهەموو بارێکدا، مۆرفیمی تایبەت بەخۆی نییە.

٢. فۆنیم، بچووکترین دانەیە، کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ (محمد معروف فتاح،٢٠١١: ٦٧).

٣. (+) نیشانەی ڕاوەستانە.

٤. لە هەندێ باریشدا، ناوی داڕێژراو بەهۆی ڕەگی کردار و قەدی کردارەوە دروست دەکرێت، بەڵام لەم بارانەدا، ڕەگ و قەدەکە بە وشەی واتادار دادەنرێت، وەك: نووسەر، خوێندەوار.

٥. لە کۆندا ڕەگ تەنیا بە واتای ڕەگی کار بەکاردەهات و کاری ڕانەبردووی پێ لە ڕابردوو جیادەکرایەوە، کە بە یاسای (دە + ڕەگ + جێناو) لە چاووگ دروست دەکرا، قەدیش تەنیا بە واتای قەدی کردار دەهات و بە یاسای (چاووگ ـ ن) دەدۆزرایەوە. بەڵام لە نوێدا، ڕەگ: وشەیەکە کە مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشە دارێژی پێوە نەلکابێ، دوو جۆریشە: أ ـ ڕەگی سەربەست: ئەو ڕەگەیە کە بەتەنیا واتای هەیە، وەك: (نان، کوڕ، کاوە، دوێنێ،...)

ب ـ ڕەگی بەند، ئەو ڕەگەیە کە واتاکەی بەندە بە مۆرفیمێکی ترو بەتەنیا واتای نییە، وەك: (پەنجە، گەندە،...)، (پەنج) و (گەن) بێ (ە) واتا نابەخشن (بازیان یونس، ٢٠٠٨: ٣١).

**بنجيش له زۆربەی كاتەكاندا یەكسانە بە ڕەگ، چونكە ئەویش بەفرێدانی مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشە داڕێژ دروست دەبێت (Katamba, ١٩٩٣: ٤٥)، وەك:(زێڕین ← زێڕ)، (نەمر ← مر)**

**قەد: ئەوەیە كە تەنیا گیرەكە ڕێزمانییەكانی لێبكرێتەوە، بەمەش قەد ئەو مۆرفیمەیە كە توانای پێوەلكانی مۆرفیمی ڕێزمانی هەیە (Trask, ١٩٩٣: ٢٥٩)، وەك: نانەكە ← نان / باخچەكە ← باخچە.**

**٦. بڕوانە: (نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٣٥ ـ ٥٤)، (ڕۆژان نوری عبدالله، ٢٠٠٧: ٣٣ ـ ٨٦).**

# انتاجية الاسم من حيث المورفولوجيا

م.بابا رسول نورى رسول

**الملخص باللغة العربية**

هذا البحث يعمل فى طياته البحث فى التفاصيل الانتاجية لمصنف الاسم والذى هو من الاجزاء الكلامية الاكثر نتاجا ونشاطا، ويدخل البحث فى أطر واسعة من دوائر التركيب التى تدخل الاسم فى ترا كبيها، كالمشاركة فى تركيب المصادر، انواع المفاعيل فيه، تحاول الاسم دائما من تلقى اكبر قدر ممكن من اللاصقات الانتاجيه اكثر من غيرها من الاجزاء الكلام، ويقع البحث فى مبحثين، حيث حاول الباحث جاهدا وفى الفصل الأول ان يلج فى تفاصيل كثير من العناوين التالية: مستويات اللغة، تعاريفها. إما فى الفصل الثاني ارتأى الباحث فيه دراسة المفاهيم الصوتية للأسماء، المقاطع، دراسة الجزور وغيرها من المواضيع والتى لها صلة وشيقة بانشطة الاسماء، الخاتمه وعرض المصادر همان اللتان تختتمان بحثنا هذا.

# Morphological productivity of noun

**Lecturer: Baba Rasul n.Rasul (doctora)**
**Babarasul.baba@yahoo.com**

**Abstract**

This paper is about the Noun as a most productive of speech part in all Languages it entered in the structure of other lands of parts such as the structure of in affinitive, the constriction of adverbials noun, try forget more then parts of speech derivation al affrays in its activities.

To try to reveal Noun in two chapters we study Noun the first chapter as morphological level. Stating the structure of simple kind of noun, Compound Noun, Complex noun, haw it gets derivation a fries, in the second chapter we investigate the phonological features of noun, syllables, we ended our research by the conclusion.